# پێم نالێن کوردستان یانی چی......!!!!

## توانا

لەڕۆژی 12 سێپتە مبەر ، بەرنامەیەکی دووبارەکراوی کە نالّی " دیموکراتیية"م بینی ، لەژێر
ناونیشانی(پاشەڕۆژی پرۆسەی سیاسی لەعێراق)

ئەوەی جێی سەرنج بوو،میوانەکانی بەرنامەکە بە جیاوازیی نەتەوەیی و مەزهە بی.... هتد، کەچی لە
هاوتەریب بوونیان دەرهە ق بە گەلی کورد و بزوتنەوە ڕزگاری خوازەکەی لەڕق و کینەو دەمارگرژی دا
یەکانگیر دەبوونەوە کە بریتی بوون لە( عاسم سەرت تورکمانی- موەفەق سا مەڕائی-موحەمەد خوزاعی).
زیرەکی د. جەنابی تەنها لەوەدا نەبوو جارجار دیفاعی لە حەقیقەتی کورد دەکرد،بەڵکولەوەدا بوو کە
چۆن توانیبووی ئە م هە موو کین لەدڵانە بەرامبەر بەکورد بەیەکەوە کۆ بکاتەوە، کە هە ر یەک
لەئاوازێک دەیخوێند.
کاتێک عاسم سەرت ، ئەو هە موو بوختان و درۆیانەی ڕیز دەکرد، موەفەق سا مەڕائی لە ژێرەوە تەماشای
دەکرد،دەیزانی کە وانی یە بەلاّم چونکە دژبەکورد بوو ، وورتەی لەدەمەوە نەدەهات.
لەبەر ئەوەی "درۆ"و ناڕاستی یەکان زۆر گەورەن، وام بەپێویست زانی کە مێک خوێنەرانی لێ ئاگادار بکەمەوە،
کاتێک عاسم سەرت دەیگووت"3.5 ملیۆن تورکمان هە یە لە عێراق،بە سەرژمێرییەکی"شەفاف " ئێمە دووەم
نەتەوەین .قسەیەکی زۆر سەمەرەیە کە لەکەناڵێکی ئاسمانییەوە پەخش دەبێت،هە رچە ندە دلّخۆش بووم بە
وە، چونکە ڕاستی ووت دوای سەر ژمێری ئەوان دووەم نەتەوەن لە دوای جیا بوونەوەی کورد لە جەستە
ماندووەکەی عێراق،چونکە تورکمان لەم هە ڵبژاردنەی دوایی دا 3 کورسییان بە دەست هێنا
گریمان پێنج بێت یاخود حەوت، بەلاّم کورد هێشتا 70 ( حەفتا ) کورسی زیاترە لە پەرلەمانی عێراق؟!
ئایا دەکرێت سالاّنی خەباتی کوردوشۆڕشە یەک لە دوای یەکەکانی" زەرب" ی سفر بکرێت ، بە هۆی چەپڵە
ڕێزانی کەسانێک لەبەر مە رامی تایبەتی بۆ حکومەتە کانی عێراق!
سەیر لەوەدا بوو عاسم سەرت کەباسی یەکێتی خاکی عێراقی دەکرد،بە پە رۆشەوە زۆر بە پیرۆزی
دەزانی، دە یگووت" فیدراڵی ئەو یەکێتیی یە فەرامۆش دەکات" بەلاّم بۆ ڕسوا بوونی زیاترو دەرکەوتنی
مەرامی، لەدەمی دەرچوو باسی ویلایەتی کەرکوکی کرد،وەک ویلایەتێکی تورکمانی، هە ر بۆیە خاوەن
بەرنامەکە ووتی: باشە بۆ تەنها کەرکوک بخرێتە سەرکوردستان ئیتر یەکێتی خاکی عێراق نامێنێت"؟!
دەرکە وت کە ئەو و زاتە و هاو بیرانی تەنها بۆ دژایەتی کوردو ئەو ڕستانەی لەو جیهانەدا دەخولێنەوە
دروست بوون، بە واتایەکی تر ئەم جۆرە بەشەرانە مەخلوقی" الرفض من أجل الرفض" ن ، و هیچی تر.
دەڵێن: دوو کەس بڕیاری لە سێدارە دانیان دەردەچێت ، یەکێکیان خەڵکی بەسرە و ئەوی تریان ناسریە، لە
یاسای سزادانی عێراقیدانۆ بڕگەی یاسایی هە بوو تا بیبەت بە " سێدارە"ڕژێمی بەعسیش بۆ پەیڕەوکردنی
یاسا بە ئەمانەتەوە جێ بە جێی دەکرد! هە ر بۆ یە لە یە کەمیان پرسی : ڕۆژێک پێش لە سێدارە دان
چیت دەوێت؟ ئەویش ووتی: تەنها ئاواتم بینینی دایک و باوک وخوشک و براکانمە،لە دووەمیان پرسی ئەی
تۆ: ووتی من هیچم ناوێت تەنها ئەو کابرایە کەس و کاری خۆی نە بینێت.
کورد شینی جێ بە جێکردنی مادەی 58 یەتی،دەڵێت با تورکمان و ئاشوری و....ئەوانی تریش لێ ی سوود
مە ند ببن و قەرەبوو بکرێنەوە و ما فەکانیان بۆ بگەڕێتەوە، بە لاّم ئەو زاتەو نمونەکانی تری وەک ئەو
،ئاواتیان نەگەڕانەوەی بارودۆخەکەیە،بەڵکو کوردیش بێبەش بێت!!
لە درێژەی بە ر نامەکەدا، نۆرە هاتە سەر " موحەمەد خوزاعی" ناوێک ، وەک وەفایی دەڵێت " گوڵ شەکر
باری لە زاری تۆ" ئەویش دوای ئەوەی هەندێ " کفەکرێ"ی لە بەر خۆیەوە پرسی پێم نالێیت "کوردستان

یانی چی"؟! . د. نەبیل جەنابی خاوەن بەرنامەکە ووتی: جێگای کورد، هە ر چۆن دەڵێن عەرەبستان کە جێگای عەرەبە.
ئەوەیە ڕۆشنبیری عەرەبی ڕەسەن ، باشە گەر نەزانێت کوردستان مانای چی یە، بۆ ئەبێت سەخڵەت ببێت و لە ئاوەها پرۆگرامێکی سیاسی و لە سەر کە ناڵێکی ئاسما نیدا بەشدار بێت!
دواتر کە لە شەکرێکی تری شکاندو ووتی:" زۆر لە تیرە و هۆزە کوردەکان بنەچەیان عەرەبە"! نازانم باسی کام هۆزی کورد دەکات،ئەوانەی لەگەڵ باو باپیرانی ئەودالە کە نداوی عەرەبەوە بە سواری حووشتر لە باشوری عێراق نیشتە جێ بوون؟
پاشا ن موەفەق سا مەڕائی داخ لە دڵی ئەوە بوو کە د.مەحمود عوسمان لەو جێگا یەدا ، باسی لە مافی کورد کردبوو، خەون بە مافی چارەی خۆنوسینەوە ببینێت، کە ئەم بە تاوانێکی گەورەی دادەنا، بەڵام ئەوەی لە بیر چووبووەوە، کاتێک شیخ عوبەیدوڵلای نەهری لە1880ز باسی لە ڕزگار کردنی هە ردوو کوردستانی ژێر دەستی عوسمانی و قاجاری دەکرد، باپیرانی ئەو بە ئۆتۆنۆمییەکی کڵاو کراویش ڕازی دەبوون، کەچی ئێستا بۆ ئەو ڕەوایەکۆمەڵەی عەرەبی( الجامعة العربية) هە بێت ، کە خەون بە یەکگرتنی 11 جووت ووڵاتی عەرەبی یەوە ببینێت، بەڵام ڕەوا نی یە و تاوانە کورد بیر لە دەوڵەتی کوردی بکاتەوە !
لە کۆتاییدا موحەمەد خوزاعی شەرحی حاڵی خۆی بە جوانی ڕون کردەوە و ڕوی ڕاستی خۆیانی بە هە موو لا یەک نیشان دا کا تێک ووتی:" من فیدرالی بە مە ترسی دەزانم ،کورد تە نها ڕێزی لێبگریت واز لە هە موو شت دێنێ".
کەواتە دەرکەوت لە بیری عەرەبی ڕەسەندا شتێک نی یە بە ناوی کێشەی کورد،و ئەودە رسەی لە م شەرمەزاری و تێکشکاندنەی ئەم دوایی یە لێ ی فێر بووین، ئەوە یە کە: ئەوەی بە شەڕو کاولکاری بۆیا ن تەواو نەکرا،دەیانەوێ ئێستا بە قسەی لووس و پوس مە یسەری بکەن.